# داخت سەختە، ڕۆژهەڵات !!

*عەباس شوان*

abas@artic.net

*مرۆڤ لە کۆمەڵگای( ڕۆژهەڵات )دا*

*تەنها ناوێکە لەسەر لمی کەنار دەریاکان نووسراوە . ..................... ( فۆکۆ )*

داخی ڕۆژهەڵات سەخت و بەگرێ و گۆڵە! لە ڕۆژهەڵاتی ئیستبدادی دەست بۆ هەر کارێك ببرێت شارایەك بەربەست لەبەردەم هەڵدەتۆقێن یان ڕاستتر دەستدروو قووت دەکرێنەوە! چونکە لەوێدا دامودەزگا و دامەزراوە سکۆلارەکان لە دروستکردنی بڕیاری سیاسی و داهاتووی وڵاتدا نەك لە پەراوێزدان بەلکو بۆدییەکی رووتوقووت زیاتر هیچی تر نیین!

ئەوەی بۆتە هۆی ئەم کایە دزێو و ناشیرینە و دواکەوتووی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی خولقاندووە, باری ژیاری و هەژموونی کەلتووری توندوتیژی شارستانییەتی ئیسلامییە, کە کۆمەڵگای بێبەش کردووە لە ئامراز و پێکهاتە گرنگەکانی وەك: زمانی دیالۆگ و ڕای گشتی و دەروونەخشی دامەزراوە سکۆلارەکان.

هەر بەو پێیە دەبینرێ کۆنترۆلی پارت و تاکی فەرمانڕەوا باڵی کێشاوە بەسەر بڕیاری سیاسی و چارەنووس و سەرجەم داهاتووی خەڵك و وڵاتدا, لە گێژاوی ئیدارەی قەیران بەدوای قەیران خول دەخوات, بێ ئەوەی ئایندەیەکی ڕۆشن ببینرێ!

ڕێك بە پێچەوانەوە, سەیر نابێ پێشبینی داهاتوو و ئایندەی بڕیاری سیاسی و ئابووری و... وڵاتێکی ئەورووپایی یان وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ڕۆشن و دیاری بکرێ , کە لەسەر ململانێ هەروەها لەسەر بناغەی گۆڕینەوەی بیروڕای نێوان دامەزراوە سکۆلارەکان بنیات نراوە.

دیدێکی تر لەمەڕ فیدرالی...

تەرحکردنی ئیدەی فیدرالی بۆ خەڵکی کوردستان بە تایبەت بەشی باشوور ناسراو بە کوردستانی ئێراق و بزووتنەوە سیاسییەکەی, لە چاو ئیدەی ئێکسپایەربووی ئۆتۆنۆمی کارێکی پۆزەتیفانە و هەنگاوێکە بەرەوپێش.

بەڵام خەڵکی کورد لەم چەرخە جەنجاڵ و نوێیەدا کە بە سەردەمی عەولەمە ناوزەد کراوە, شارایەك دیدوبۆچوونی جۆراوجۆر و پێشکەوتوانەی تر ڕۆژانە لەسەر زاران و لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە لێرەولەوێ دەردەبڕرێت.

ناکرێت قەناعەت بە تەنیا ئیدەیەك بکرێ و ئاستی تەوەقووع نزم بێت و بکرێتەوە, لە ختوخۆڕایی کومپانیائاسا شەریکێکی ڕەزاگران بۆ خۆ قووت بکرێتەوە, کە بەداخەوە خەڵکی کورد ئەزموونێکی هێجگار تاڵی لەگەڵدا گوزەراندووە, سەربەخۆییەکەی نیوەناچڵ بکرێ و لە داهاتوویشدا نەك کێشەکەی چارەسەر ناکات, بەڵکوو لەوانەیشە خراپتری بکات یان وەك خۆی بە ئەزمەگرتوویی بیهێڵێتەوە!!

لەسەر ئەو بنەمایەوە دەکرێ دەست بۆ ئیدەی پێشکەوتووتر ببرێت, وەك ئەوەی کە خەڵکی کورد هەقی جیابوونەوە و تەنانەت پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ بە زیادەوە هەبێ.

جا بۆ بەیاسایی کردنی کارێکی بوێرانەی وا لەسەر بناغەی ئەزموونی وڵاتانی سکۆلاری ئەوروپایی, بۆ مەسەلە چارەنووسسازەکانی وڵات و خەڵك هەنگاو بنێررێتباشترین و بێچەرمەسەریترین ڕێگاگەڕانەوە بۆ پەرلەمان و ڕای گشتی یان سازدانی ڕیفراندۆم خۆی دەبینێتەوە......

پەنا بردن بۆ کارێکی شارستانیانەی لەو جۆرە کە بێگومان لە ئاستی نێودەوڵەتیدا نەك بەکەم سەیر ناکرێ بەڵکوو زیاد لە پێویست جێی ڕێز و تەقدیر دەبێت و قابیلی چاولێپۆشین نابێت, هەروەك ئەزموونی هەڵبژاردنی پەرلەمان لە ساڵی ١٩٩٢ کە دۆست و دوژمن پێی ڕازی بوو

لە داهاتوویشدا و لە هەر دانووسانێك چ لە ناوخۆ چ لە ئاستی نێودەوڵەتیدا وەك وەرەقەیەکی بەهێز و بەلامونازع بۆ بەرژەوەندی خەڵکی کورد دەتوانرێت بەکاربهێنرێت .

ئەم دەربڕینە تەرحێکی شاز و نامۆ نییە, هەرئێستا لە گۆڕەپانی سیاسی کوردستاندا هەستی پێدەکرێ, دەنگوسەدایەکی لەو جۆرە بە کزی دەبیسترێ...

لەوانەیە ئەو کارە وەك گشت کارەکانی تر و هەنگاوە نوێیەکانی تر بە ئاسانی نەیەت بەدەستەوە و ئاستەنگ و قۆرتی جۆراوجۆری بۆ بخولقێنرێ, بەڵام خۆ دەکرێ بەلایەنی کەمەوە زەمینەی بۆ فەراهەم بکرێ, هەرچەندە درەنگە و پێدەچێت ڕووداو وگۆڕانکارییەکانی ناوچەکە لەوە خێراتر بێت بە فریای کارێکی وا بکەورێت!

خەتاکەیش بەتەنیا لە ئەستۆی سەرکردایەتی سیاسی کوردیدا بە هەموو باڵەکانییەوە نییە, بەڵکوو وەك ئاشکرایە هۆکاری ژیاری و دەرەکی و......, دەوریان لە ڕەوشەکەدا کایە کردووە...

لەگەڵ ئەوەیشدا نەچووە بچێ, نابێت دەست و پاسپیانە بزاف بکرێ, لەوە زیاتر ماتلی ناخوازێ, کەواتە بۆ بەئەنجامگەیاندنی هەرۆن لە پێش.....